www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:26بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## تەعریب بە دەستی خۆمان ... تەعریب بەشێوەیەكی تر ... عومەر شریف

**كفری**

**كولتووری كورد هەمیشە پڕ لە پەند و عیبرەتی سەنگین و ڕەنگینە، چەند دەوڵەمەندە میللەتی ئێمە بۆ هەر بوارێكی ئەم ژیانە چیرۆكێك و پەندێكی وای داناوە بۆ هەمیشە زیندووە و كۆن نابێت و دەكری سوودی لی وەربگرین، دەڵێن پیاوێك لە دوادوای تەمەنیدا لە هاوسەرەكەی كەوتبووە گومانەوە كە خێزانەكەی پیس و پۆخەڵە قێز لە خۆی و ئەو خواردنەی كە دروستی دەكات و هەر جارەكە و بە بیانویەك خۆی لی دوور دەگرێت و جارێك سوێرە و جارێك چەورە و بی خوێیە و جارێك نەكوڵاوە.. هتد؟ گرنگ ئەوەیە نەیخوات! هاوسەری بەستەزمانیش تێناگات و بی ئاگایە! جارێك چای بۆ دادەنێت پیاوەكە ئەلێت ژنەكە نایخۆمەوە ساردە! ئەویش پەنجەی دۆشاو مژەی دەكاتە ناو پیاڵەكە دەڵێت دەست ئەسوتێنێت بەخوا دەیخۆیت، پیاو لە دوورەوە بێزی دەهات ئێستا پەنجەی تی دەكات و دەبی بیخوات؟!**

**لەو ڕۆژەوە خوا كورد و عەرەبی دروست كردووە دانومان بە یەكەوە نەكوڵاوە و دوور بەو دۆست بە پڕ بەرمان بووە، لەوەتی عێراق دابەش بووە عەرەب هاتووەتە حوكمرانی كوردستان، لە شۆرشەكان و ناوچە ئازادەكانی بن دەسەڵاتی شۆڕشی لی دەرچێت هەر ئەوان برا گەورە هەر ئێمە برا بچووك هەر ئەوان خاوەن ماڵ و ئێمەش دەربەدەر، هەندی جاریش لە جیاتی ئەوان شەڕ و كوشت و كوشتارمان بۆ كردووە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە كوردستان بە گشتی هەناسەیەكی هاتەوە بەردا فیدرالی چووە ناو دەستوور و ئۆخەی خوایە گیان ڕزگارمان بوو، سنوری كورد و عەرەب دیاری كراوە و تەواو، نەخێر عەرەب بەوەشەوە نەوەست و جارێكی تر كەوتنەوە وێزی كورد سەدان كوردیان كوشت و شار بەدەر كرد لە خواروی عێراق جارێكی بە تومەتی كورد و جارێك بە تومەتی سونی و جارێك بە تومەتی شیعە و جارێك بە تومەتی پیاوی بێگانە! ئیتر درێژەی نەدەینی ماڵە عارەبێك لە كوردستان هەزار و یەك حسابی بۆ دەكرا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو كەم بوون دەچوون، بە هەزار تكا و نزا ماڵە عارەبێك لە كەركوك دەردەچوو دەی تر دێتە جێگای، كە ماڵە كوردێك دەگەڕایەوە پەنجا چەلەحانێیان دەهۆنییەوە كورد دنیای داگیركردوە و نەخشە سیاسی دەگۆڕن!!**

**ئێستا بە هەزاران خانەوادەی عارەب لە كوردستان بە تایبەت شارە گەورەكان، بی ئەوی بزانین كێن و چین و بۆ چی هاتوون و لە چ گەركێك دانیشتوون و كەی دەرۆنەوە؟ هەزاران كرێكاری عارەب هاتوون و گشت كون و كەلەبەرێكی ئەم ووڵاتە شارەزان باشتر وایە ئەمانە ئەگەر ئاوارەن وەكو پەنابەر هاتوون ئۆردوگایان بۆ بكەنەوە و داوا لە ئۆفیسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بكەن یارمەتی و كۆمەكیان بۆ بكات و ناسنامەی كاتی تایبەتیان بۆ بكەن و باشتریش وایە لە دەرەوەی شار بن موڵەتی ناو شاریان بە پسولە بێت، داخەكەم ئێمە بە میوانیان دڵ تەنگ ئەبووین ئەوە بوونە خاوەن ماڵ! ووتمان وەرن بۆ قاوەڵتی نەك بین و دایكوتن.**

**ئەم بابەتە بۆ نیومانگی ((زەنگ)) كە گۆشەیەكی تایبەتیم هەبوو نوسرا بەڵام لەبەر چەند هۆیە دەستم لە گۆشەكە هەڵگرت وهەوڵ ئەدەم ناوە ناوە لەسەر هەمان ڕێچكە درێژبەم جۆرە نوسنانە بدەم0**